# " فێرکردنی ئەلیکترۆنی : ستراتیجێکی نوێ بە رەو فێرکردنێکی کاریگەرتر "

**د. بدرخان مستەفا ئیبراهیم**
**پروفیسورێ هاریکار**
کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
هەرێما کوردستانا عیراقێ

## کورتی

بێگومان سەردەمی ئێستامان بە سەردەمی تەقینەوەی مەعریفی و تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی سیستەمی پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی زۆرترین تەکنەلۆژیای زانیاری ناسراوە، هاوکات بەکارهێنانی تۆڕی ئەنتەرنێت فراوان بووە ...، لەبەر ئەوە دانانی داهێنراوەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە پرۆسەی فێرکردندا بووە بە گرنگترین ئاماژەی گۆڕانی کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگەی زانیاری و مەعریفی، بەو واتایەی تەکنەلۆژیای زانیاری توانای سیستەمی فێرکردن و مەشقی زیاتر دەکات، هەروەها بەسەر ئەو ئاستەنگ و گرفتانە سەردەکەوێت لە هەر کوێیەک وچۆن بن , لەسەر ئەو بنەمایە ش فێربوون خێراتر و کاریگەر دەبێت. لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە گۆرانکاری و نوێکردنەوەی پرسی فێرکردن و مەشقکردن پێداویستییەکی گرنگە، ئەو ئەمڕۆ ئەرکە و پێویستە لەسەر دەزگاکانی فێرکردن، بیرکردنەوەیە لە داهێنانی مۆدێل و سیستەمی بەتوانای کارا و گونجاوی نوێ بۆ مەشقکردن، لەئەنجامی ئەورۆڵەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی دەیبینێت، وەکو ئامرازێکی ئاراستەکراو بۆڕووبەڕووبوونەی ئەو کێشانەی فێرکردنی کلاسیک بەدستیانەوە گرفتار بوو، کێشەکانی وەکو "هەڵسەنگاندن، دەرنەچوون، لاوازی پرۆگرامی دانراو"، هاوکات فێرکردنی کلاسیک بەدوای بونیادنانی سیستەمێکی گونجاو دەگەڕا، کە پرۆگرامێکی نوێی کاریگەری هەبێت، لەڕێگای پشتبەستان بە ئامراز و تەکنیکی تەکنەلۆژیای زانیاری.

**چەمکە سەرەکییەکان**: فێرکردنی ئەلیکترۆنی، مەشقکردن، سیستەمی کارگێڕی فێرکردن، تەکنەلۆژیای فێربوون، تۆڕی ئەنتەرنێت.

## پێشەکی:

فێرکردن لەلایەن حکومەتەکان وڕێکخراوەکان و تاکەکان گرنگی زۆری پێدەدەرێت، لەبەر ئەوەی گرنگە بۆ نەخشەکێشانیڕەوتی داهاتووی کۆمەڵگە، بۆیە کێبڕکێی نێوانڕێکخراوەکان لە بازاری جیهانی گواسترایەوە بۆ دەزگا و ناوەندەکانی فێرکردن، کێبڕکێکی نێوانڕێکخراوەکان لەسەر تێڕوانینی نوێ بۆ فێرکردن بوو، تەوەری سەرکی کێبڕکێیڕێکخراوەکان سەبارەت بە پرسی داهێنان و نوێکردنەوە و پەرەپێدان بوو، وەکو ئامرازێک بۆ دەستکەوتنی باشترین ئەنجام لە پرۆسەی فێرکردن، ئەو گۆڕانە جۆرییەی هاتە ئاراوە، بەسەر سیستەمی زانکۆ دەسەپێنێت، بەردەوام لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێشەنگ بێت، هاوکات بە ستراتیج و فەلسەفە و سیستەمی فێکردندا بچێتەوە. بەو پێیەی فێرکردن ئامرازێکە بۆ گونجان و پێگەیشتن، دەرفەت بۆ تاک دەرەخسێنێت ئاستی مەعریفی خۆی چاکتر بکات و لە کارەکانی پێشکەوتوو بێت، لەڕەوتی شیکارکردنی مەعریفەی زانستی وڕوونکردنەوەی دەستکەوتە مەعریفییەکانی، هەروەها لەڕێگای بەدەستهێنانی کارامەیی و توانا لە بواری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا، لە دیدی توێژەران مەبەست لە فێرکردن وڕاهێنانی ئەلیکترۆنی، بەرجەستەکردنی ئەم ئامانجانەی خوارەوەیە:

- دەستکەوتنی مەعریفەی زانستی.
- گونجان و هەڵکردن لەگەلڕ کۆمەڵگە و ئەو پەرەسندنانەی لە کۆمەڵگەڕوودەدەن.
- گەشەپێدانی خود و توانای کەسایەتی (ربیع , ٢٠٠٦ , ێ ٨٥ ) .

لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە زانکۆکان و دەزگا و ناوەندەکانی فێرکردن لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا هەوڵیانداوە سیستەمی فێربوون بە شێوەیەک بگۆڕن، گونجاو بێت لەگەلڕ ئامانجی دیاریکراو لەڕووی پێشکەوتن و گەشانەوە، لە ناوەرۆکیدا پرۆگرام و دانراوەکانی بۆ وانەوتنەوە لە چەندین دۆخ لەخۆگرتبێت، هاوکات وانەکان بە تەکنەلۆژیای فێرکاری پێشکەوتوو بوترێنەوە، لەوڕێگایەوە هەوڵبدرێت بۆ چاکترکردنی ئاستی فێرکردن و بەدەستهێنانی بەرهەمی جیهانی، هەموو ئەوڕێکارانە دەکەوێتەوە

المجلة الاكاديمية لجامعة نوروز
المجلد 6، العدد 4 (2017)
استلم البحث في 2017/9/1، قبل في 2017/12/1
ورقة بحث منتظمة نشرت في 2017/12/20
البريد الالكتروني للباحث: badrxan.mustafa@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2017 أسماء المؤلفين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الايداعي النسبية – CC BY-NC-ND 4.0

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145

سەر زانکۆ و چاکترین ژینگەی کارکردن، هەروەها پێگەیاندنی فێرخوازێک لە زانکۆکان توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەبێت،ڕووبەڕووی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە ببێتەوە، لەبەر ئەوە ئاراستەی نوێ لە بواری فێربوون ئامانجی تەلقیندانی فێرخوازە لەسەرڕێگای گەیشتن بە زانیاری و تێگەیشتن لە زانیارییەکانە، هەموو ئەم پرسانە وایانکرد بەدوای هۆکارێکی سەرکەوتووتر بگەڕێین، بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی دیاریکراو، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە نوێیە فێرکردنی ئەلیکترۆنی پەسندکراو لە زانکۆکان و دەزگا و ناوەندەکانی فێرکردن و مەشقپێکردن بەکارهێنرا.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

فێرکردن بە گرنگترین پایەی بونیادنانی کۆمەڵگە دادەنرێت، لەبەر ئەوەی جەخت دەخاتە سەر بونیادانانی گرنگترین دەرامەتەکانی، ئەو گرنگیدانە لە نەوەکانی داهاتووی بەرجەستەدەبێت بۆڕووبەڕوو بوونەوەی ژیان و پرسە گۆڕاوەکان، لەڕێگای بەدستهێنانی مەعریفەی تایبەت بە پرسی ژیان و گۆڕاوەکان، لەبەر ئەو مەبەستە فێرکردن و شێوازەکانی لەڕەوت و کاروانی چاخەکاندا لە هونەری تەلقیندان گۆڕاوە بۆ هونەری کارلێککردن، دەستپێکی گۆڕانەکان لە گۆشەی پەرستگا و کەنیسەکان گۆڕاوە بۆ خوێندنگەی تایبەتمەند، هەڵبەتە خوێندنگە تایبەتمەندەکانڕەچاوی پێداویستی و ئارەزووەکانی تاک دەکەن.

کەواتە لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، ئامراز و تەکنەلۆژیای فێرکاری و توانای فێرکردن زیادی کردووە، لێرەوە پرۆسەی فێرکردن پێویستی بە سیستەمێکی کارا و تۆکمە هەیە، کە هەمووڕەگەز و پێکهاتەکەیڕووە و گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو ئاراستە بکات.

لەبەر ئەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی ئەو بابەتەی دەیەوێت چارەسەری بکات، سەرچاوە دەگرێت، لە بنەماوە خۆی لە پەیوەندی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بە سیستەمی کارگێڕی ورۆڵی فێرکردن و کاراکردن دەبینێتەوە، لەڕێگای جێبەجێکردنی ئەو چالاکی و ئەرکانەی دەبنە هۆی چاکترکردنیڕەگەزە زانستییەکانی فێرکردن، وەکو مامۆستا و فێرخواز و ناوەرۆکی فێرکردن، کە دەتوانین بەهۆیانەوە ئامانجی زانکۆکان لە بەرزترین ئاستی زانستی بۆ فێرخواز بەدەستبهێنین، یان بەرجەستە بکەین، هاوکات فێرخواز هەموو کارامەیەکانی تایبەت بە جێبەجێکردن بەدەستبهێنن، ئەو کارامەییانەی پێویستن بۆ کاراکردنی فێرکردن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەویە هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی چەندین ئامانج، لەم خاڵانەدا دەیانخەینەروو:

- ناسینی گرنگی فێرکردنی ئەلیکترۆنی و چەمکەکانی پەیوەستن و پەیوەندی بەهێزیان بە فێرکردنی ئەلیکترۆنیەوە هەیە.
- تێگەیشتن لەڕێگاکانی چۆنیەتی پەسندکردن و جێبەجێکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی.
- زانینی ئاستی کاریگەری فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەسەر کۆی سیستەمی فێرکردن.
- ناسینیرۆڵی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆکان و دەزگا و ناوەندەکانی فێرکردن.
- تیشک خستنەسەر سیستەمی کارگێڕی فێرکردن و پەیوەندی بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی.
- تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری سیستەمی کارگێڕی فێرکردن ورۆڵی لە پاڵپشتیکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

**فێرکردنی ئەلیکترۆنی :**

١- فێرکردنی ئەلیکترۆنی پێویستییەکی حەتمییە لە جیهانی نوێدا:

ئەو زانیارییە زانستیانەی ئاراستەی فێرکردن و مەشقکردن کراوە، لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا گرنگی زۆریان هەیە، هاوکات لە پرۆسەی کێبڕکێیی زانستی بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێن ( اپرتون ,٢٠٠٩ , ی ٣٠) ، کەواتە فێرکردن وەکو توێژینەوەی زانستی هەوڵدەدات شتێکی نوآ بۆ مەعریفە زیاد بکات، هەروەها کەسە زانستییەکان بەپێیڕۆڵی زانستیان بەرێکخراویی و بە بەردەوامی پێویستیان بە زانیاری زانستی هەیە، بە تایبەتی لەبەردەم ئەو تەقینەوە گەورە زانستییەی پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها پەرەسەندنە زانستییەکان لە کاروانی پەرەسەندنی کۆمپیوتەر و پەیوەندیکردنڕوویداوە، هەروەها تۆڕی زانیارییەکان جیهانی گۆڕیوە بۆ گوندێکی جیهانی بچووک، ئەم گۆڕانکاری و پەرەسەندنانە بەشداری نوژەنکردنەوە و داڕشتنەوەی پرۆسەی فێرکردنیان کردووە، لە دوو دەیەیڕابردوو دەستی پێکردووە و گرنگی زۆر بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای زانیاری لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دراوە، لە دەستپێکدا چەندین شێوەی وەرگرتووە: وەکو " فێرکردن لە

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145

دوورەوە، فێرکردن بە یارمەتی کۆمپیوتەر، فێرکردن لەڕێگای ئەنتەرنێت، فێربوونی ئەلیکترۆنی، فێربوونی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای واقیعی پێویست.

**٢- فێربوونی ئەلیکترۆنی چییە؟**

فێربوونی ئەلیکترۆنی شێوەیەکە لە شێوەکانی فێربوون لە دوورەوە، دەتوانین بەو شێوەیە پێناسەی بکەین،ڕێگای فێرکردن بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی نوێ، وەکو"کۆمپیوتەر، تۆڕەکان، هۆکار و ئامرازی جۆراجۆر، میکانیزمەکانی توێژینەوە، کتێبخانەی ئەلیکترۆنی" واتە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە هەموو جۆرەکانییەوە بۆ گەیاندنی زانست و مەعریفەیە بە فێرخوازان بە بەکارهێنانی پرۆگرام و سیستەمی کارگێری فێرکردن و ناوەڕۆکی بابەتەکان لەڕێگای پشتبەستان بە تۆڕی زانیارییەکان، بەپێی پێوەر و بنەمای جۆراجۆر.

هەروەها پێناسەدەکرێت: بە سیستەمی فێرکردن بۆ پێشکەشکردنی پرۆگرامی خوێندن و مەشقپێکردنی فێرخوازان لە هەر کات و هەر شوێنێک بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی کارلێککردن لەڕێگای تۆڕەجیهانییەکانەوە، لەوانە "کەناڵە ناوخۆییەکان یان ئاسمانییەکان، (T. V)، پۆستەی ئەلیکترۆنی، ئامێری کۆمپیوتەر، کۆنفرانسەکان لە دوورەوە، ..."، هەموو ئەمانە بۆڕەخساندنی ژینگەی فێرکردنی کارلێککردنە فرە سەرچاوەیە بەڕێگایەکی هەماهەنگ یان دوور لە هەماهەنگی، بەبآ پابەندبوون بە شوێنی دیاریکراو، لەڕێگای پشتبەستن بە فێربوونی خودی و کارلێککردنی نێوان فێرخواز و مامۆستا.

دەتوانین پێناسەی فێربوونی ئەلیکترۆنی بکەین، لەسەر ئەو بنەمایەی فێرکردن بریتییە لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن بە هۆکاری ئەلیکترۆنی، وەکو تۆڕە ناوخۆییەکان، تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی، مانگە دەستکردەکان، دیڤیدی، کاسێتی بیستراو و بینراو ، یانرێگایەکە بۆ فێرکردن بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی سەردەمیانە، وەکو: "کۆمپیوتەر، تۆڕەکان، هۆکاری جۆراجۆر، لە پێناوی گەیاندنی زانیاری بە فێرخوازان بە کەمترین کات و تێچوون، بە شێوەیەک بتوانرێت پرۆسەی فێرکردن بەرێوەببردرێت و پێوانە و هەڵسەنگاندنی ئەنجامدانی فێرخواز بکرێت (الشحات , ٢٠١٢ , ێ ١٨٤ ) .

فێرکردنی ئەلیکترۆنی سیستەمێکی کارلێککردنە و پشتدەبەستێت بە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنی تەواو لە هەمووڕوویێک، ئامانجی ئەوەیە بڕیار لەسەر دراوەکانی خوێندن بەڕێگایەک بونیادیان بنێت بە ئاسانی بیانگەیەنێتە فێرخواز، بە هۆی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و پشتبەستان بە بەرنامە و پراکتیزەکردن، بەو پێیە ژینگەیەکی نموونەی دەستەبەردەکات بۆ ئەوەی دەق بە وێنە و دەنگ ببەستێتەوە، بەوشێوەیە توانای دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان لەڕێگای بەستنەوەی فێرخواز بە سەرچاوەی زانیارییەکان لە ناوەندە جیاوازەکان پێشکەش دەکات، هاوکات تواناپرێنمایی و ئاراستەکردن ورێکخستنی تاقیکردنەوەکان و سەپەرشتیکردنی سەرچاوە و پرۆسەکان و هەڵسەنگاندن دەستەبەر دەکات.

چەمکی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە سەرەتای (نەوەدەکان) دەرکەوتووە، فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەردەوام لە پەرەسەندندایە، بە تایبەتی دوای ئەوەی بەرهەمی نوێ بەدەستهێنرا و کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی فێرکردن دەرکەوت (الزهیر , ٢٠١٣ , ێ ٣٩ ) . ئەو پێشکەوتنەی فێرکردن بەرجەستەی کردووە، لەڕێگای پشتبەستنی بووە بە جۆرە جیاوازەکانی تەکنەلۆژیا لەناو هۆڵەکانی خوێندن و تاقیگەکاندا، هەروەها لە چالاکییەکانی پرۆگرامی خوێندن، لە ناوەوەی پۆل یان فێرکردن لە دوورەوە، زۆر لەو کەسانەی کار پەیوەستن بە پرۆسەی فێرکردن و گرنگی بەو بوارە دەدەن، لە پێناوی بەکاربردنی ئەو تەکنەلۆژیایەی پێی گەیشتوون، لە دامەزراندنی سیستەمی فێرکردنی ئەلیکرۆنی گونجاودا کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکانی و هۆکارەکانی پەیوەندیان داناوە، هەروەها بە تەکنەلۆژیا و پرۆگرامی واقیعی دانراو پاڵپشتی دەکرێت.

هەڵبەتە فێرکردنی کلاسیکی فێرخواز و وانەبێژی و ماددەی زانستی و پۆلی سەپێنراو دەگرێتەوە، لە فێرکردنی کلاسیک فێرخواز دەیڕوانییە پۆلی خوێندن، کەواتە لەکوآ پێویستە لەسەر فێرخواز بەڕێگای ئەلیکترۆنی فێربێت، لەسەر هێڵێک بەرێکوپێکی بەشداری محازەرەکان بێت و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و توێژینەوەی داواکراو لە کاتی دیاریکراو پێشکەش بکات، ئەگەر بەڕێگای ئەلیکترۆنی نەبێت.

لەبەر ئەوە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو جۆرەی فێرکردنیان بەکارهێنا و لە زانکۆکان و ناوەندەکانی فێرکردن پەیرەویان کردووە، بۆ ئەوەی بگەن بە ئاستی فێربوون، وابکەن جێبەجێکردنی پرۆسەی فێرکردن چاکتر بێت، بۆ بەجەستەکردن و بەدەستهێنانی مەبەستەکانی بە باشترین شێوە.

**٣- ئامرازەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:**

بریتییە لە کەلوپەلەکانی بڵاوکردنەوە و خستنەڕووی ناوەڕۆکی فێرکردن، بە مەبەستی ئاسانکاریکردن لە گەیاندنی بە فێرخوازان، واتە وادەکات پرۆسەی فێرکردن پرسێکی

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145

کردەیی بێت، پرۆسەکە لەڕێگای بەستنەوەی دەق و ماوەکانی نێوانیان، هەروەها کەلوپەلەکانی فێکردنی ئەلیکترۆنی چەندین ئەرکی دیکە جێبەجێدەکەن، وەکو تۆمارکردنی فێرخوازەکان و دانانی وانەبێژەکان و سەرپەرشتیاران و پەرپرسانی هونەری، هەروەهاڕاپۆرت نووسین و چاودێریکردن وڕێکخستنی سیستەمی فێرکردن , ئەو کەلوپەلانە چەندین تایبەتمەندیان هەیە، کارلێککردن و کامیلبوون بۆڕەخساندن، یان دروستکردنی جۆرێک لە بەکارهێنان و کالێکردنی مرۆڤانە پێشکەش دەکەن، ئەگەرچی کارلێککردنی مرۆڤانە لەکاتی کارکردن لەگەڵ ئامێر وندەبێت، بەڵام ئاستی بەکارهێنانی ئەو کەلوپەلانە بە کۆمەڵێک فاکتەر کاریگەرە، وەکو:"تایبەتمەندی فێرخوازان و تایبەتمەندی ناوەرۆکی فێرکردن"، هەروەها بە جۆری سەرچاوەکانی زانیاری و ئاستەکانیان، دەتوانین کەلوپەلەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەپێی زۆری پێداویستیمان بۆ کەلوپەلەکان پۆلێنیان بکەین:

١- بەپێی کاتی دیاریکراوی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، دەتوانین پۆلێنی بکەین بۆ ( الکیکی , ٢٠٠٨ , ێ ):

- کەلوپەلی فێرکردنی تێکەڵ بوون، وەکو:"دیالۆگ و گفتووگۆیڕاستەوخۆی خودی".
- کەلوپەلی فێرکردنی تێکەڵ نەبوون، وەکو پۆستەی ئەلیکترۆنی.

٢- بەپێی ئاستی کارلێککردن، ئەمانە لەخۆدەگرێت:

- کەولوپەلی تایبەت بە سیستەمی فێرکردنی تۆڕی ئەنتەرنێت و سیستەمی پرۆگرامی دیاریکراو، بریتییە لە کەلوپەلی پەیوەندی کردن و کالێکردنی نێوان بەکارهێنەرانی پرۆسەی فێرکردن.
- کەلوپەلی کارلێککردن لەگەڵ ناوەرۆک و سەرچاوەی زانیارییەکان، وەکو: "دیمەنەکانی کالێککردن و شاشەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە".

**٤- شێوەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:**

فێرکردنی ئەلیکترۆنی دوو شێوەی تەواو جیاوازی فێرکردن پێشکەش دەکات:

شێوەی یەکەم: فێرکردنی هاوکاتی:

فێرکردن لەسەر پەخش، پێویستە فێرخوازان لە هەمان کاتدا لە بەردەم کۆمپیوتەر ئامادەبن، بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوان خۆیان و لە نێوان خۆیان و مامۆستادا، لەڕێگای ژووری تایبەت بە گفتووگۆ، یان وەرگرتنی بابەتەی وانەکان لە بەشە دانراوەکانی پرۆگرامی خوێندن.

شێوەی دووەم: فێرکردنی کات دیارینەکراو:

بریتییە لە فێرکردنی ناراستەوخۆیە، لەم شێوەیەدا پێویست ناکات فێرخواز لە هەمان کات و شوێن ئامادەبێت، لەڕێگای هەندێک تەکنەلۆژیای فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە چەند کاتێکدا چەندین جار بەدوایەکدی زانیارییەکان لە نێوان فێرخوازن و لە نێوان فیرخوازان و مامۆستا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، مامۆستا کات و شوێنی گونجاو بۆ بەیەکگەیشتن دیاری دەکات ( الکیکی , ٢٠٠٨ , ێ ).

لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە دەتوانین بڵێین: تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی، فێرکردنی تێکەڵبوون و تێکەڵنەبوونی بەیەکەوە کۆکردووەتەوە، لەبەر ئەوەی دەتوانرێت لە هەر کات و شوێنێک فێرکردن بەڕێوەببردرێت، لەگەڵ دەستەبەرکردنی تۆمارکردن و هەڵگرتنی وانەکان و پرۆگرامەکان، بۆ ئەوەی فێرخواز بەپێی بارودۆخی خۆی هەر کاتێک بیەوێت بۆیان بگەڕێتەوە.

٥- جۆرەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەکارهێنراو لە زانکۆ و دەزگا یان ناوەندەکانی فێرکردن:

چەندین جۆری فێرکردنی ئەلیکترۆنی هەیە، هەموو زانکۆیەک یان ناوەندێکی فێرکردن دەتوانێت پەیڕەوی بکات:

**١- فێرکردنی ئەلیکترۆنی پشتیوانکراو:**

لەم جۆرەی فێرکردن (ڕووبەڕوو) پشتیوانی و پاڵپشتی پرۆسەی فێرکردنی کلاسیکی دەکرێت، لەڕێگای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کەلوپەلەکانی زانیاری پێشکەوتوو لە پرۆسەی دەستەبەرکردنی هەندێک ناوەرۆک، هەروەها لەڕێگای بەکارهێنانی تواناکانی پەیوەندیکردن، ئەم جۆرەی فێرکردن کارناکاتە سەرڕەوتی کاری وانەبێژی کلاسیک، ژمارەی تەکنەلۆژیا و کەولوپەلەکان تایبەت دەکەین، بەڕێژەیەک لە (٢٤%) زیاتر نەبێت.

**٢- فێرکردنی ئەلیکترۆنی تێکەڵ:**

ئەم جۆرەی فێرکردن، فێرکردنیڕاستەوخۆ لەگەڵ فێرکردنی کلاسیکی تێکەڵ دەکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەڕێگای تۆڕەکانی پەیوەندیکردن بگات بە بەشێکی سەرکی ناوەرۆکی خوێندن، لەم جۆرەی فێرکردن دەتوانرێت، ژمارەی وانەکانی کلاسیکی کەمبکرێتەوە، بۆ نێوان (٢٥% - ٧٥%).

**٣- فێرکردنی ئەلیکترۆنیڕاستەوخۆ:**

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145

ئەم جۆرەی فێرکردن، بە فێرکردنی (الافتراضي)گریمانەیی ناسراوە، دەتوانرێت بەبآ بوونی پەیوەندی فیزیکی لە نێوان فێرخواز و وانەکەرووبدات، فێرخواز سەرجەم فێرکردنەکەی بە تەواوی لەرێگای تۆرەکانی پەیوەندی وەردەگرێت، لەگەلڕ ئەوەی جۆرێکی سەرکەوتووە، هەندێک زانکۆ دەتوانێت چاوپێکەوتنی کلاسیکی دەستەبەر بکات، وەکو پێشکەشکردنی تاقیکردنەوەکان لە تاقیگەدا، بەلام نابێت ئەو چاوپێکەوتنانە لە (٢٥%) محازەرەکان یان وانەکان کەمتر بێت ( عبدالحميد , ٢٠٠٥ , ێ ٣٩ ).

## ٤- فێرکردنی ئەلیکترۆنی کارلێککردن:

مامۆستا بە شێوەیەکیڕاستەوخۆ کارلێککردن لەگەلڕ فێرخوازەکان دەکات، هەروەها فێرخوازەکان دەتوانن لە یەک کاتدا کار لە یەکدی بکەن و لەگەلڕ مامۆستا کارلێککردنیان هەبێت، ئەم شێوەیەی فێرکردن کۆنفرانستی کارلێککردنی هاوبەشیڕاستەوخۆ بە دەنگ ورەنگ لەخۆدەگرێت، هاوکات دەتوانرێت زانیارییەکان لە پێناوی بەکارهێنانی دیکە لە داهاتوودا تۆماربکرێن.

## ٦- فاکتەرەکانی سەرخستنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

بۆ ئەوەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەرهەمداربێت، ئامانجە دیاریکراوەکانی بەرجەستە بکات، بێگومان پێویستە کۆمەڵێک فاکتەر و بنەما دەستەبەر بکات:

١- لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی:

دیاریکردنی تایبەتمەندی و توانا و سودەکانی و ئامانجەکانی، هەروەها کێشەکان بەشداری دەکەن لە چارەسەر کردن و بنەماکانی جێبەجێکردن.

٢- تویژینەوە لە هۆکارەکانی دانانی فێربوونی ئەلیکترۆنی:

بۆ دڵنیابوون لە دەستکەوتی ئابووری و فێرکاری دوای بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی، ئەورێکارە پێویستە پێش دەستکردن بە دانانی پلان بێت، بۆ ئەوەی کات و هەوڵ و دارایی دەستەبەر بکرێت.

٣- پلانێراست بۆ دانانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

لە ماوەی دانانی پلانێک بۆ جێبەجێکردنی بە هەنگاوی زنجیرەیی، ئەمرێکارە بەپێی هەنگاوەکانی پرۆگرامی وانەوتنەوەی واقیعی تەواو پێویستی بە جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای فێربوون هەیە، هەروەها پێویستی بە دیاریکردنی کێشەکان و دەستەبەر کردنی توانای ماددی و مرۆیی هەیە، تاکو فێرکردنی ئەلیکترۆنی جێبەجێبکات.

٤- دەستەبەرکردنی کەشێکی گونجاو:

واتە ئامادەکردنی بونیادی سیستەمی فێرکاری بەرکار، گۆڕینی ئەوانەی پێویستە بۆ ئەوەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی کاری پێبکردێت، هەروەها دانانی بنەماکانی کارکردن و سودبینین لێیان.

## ٥- دیاریکردنی دراوی پێویست بۆ کاراکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

بە دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی، دڵنیابوون لە هەبوونی بودجەی تەواو پێش دەستکردن بە جێبەجێکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

## ٦- دەستەبەرکردنی توانای مرۆیی، کە فێرکردنی ئەلیکترۆنی پێویستی پێیەتی:

بریتییە لەو تاکانەی ئەزموون و کارامەیی پێویستیان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە و بەرێوەبردنی هەیە، کە بەرێوەبەران و پسپۆران وڕاوێژکاران و هونەرییەکان و فەرمانبەران و کەسانی دیکەی خاوەن کارامەیی دەگرێتەوە، بۆ پرۆژەکە پێویستن.

٧- دەستەبەرکردنی پێداویستی ماددی پێویست بۆ کارپێکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

ژێرخان لەرووی شوێن و ئامێری پێویست بۆ ناوەندی فێرکاری دەگرێتەوە،

٨- تاقیکردنەوەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی پێش پراکتیزەکردنی و جێبەجێکردنی:

ئەمرێکارە بە چەند هەنگاوێک دەکرێت، بە تاقیکردنەوە بچووک لەسەر سامپلی کەم دەستپێدەکات، لە دوایدا تاقیکردنەوەی فراوان لەسەر سامپلی زۆر دەکرێت، لە ناوەندەکانی فێرکاری سود لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پێشو دەبینرێت، هاوکاترێکاری هەمووارکردنەوە و پەرەپێدان و پوختەکردنی پێویست ئەنجام دەدەرێت.

٩- پراکتیزەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی و جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاو:

مەبەست ئەوەیە لە پراکتیزەکردن وردبێتەوە وڕێکاری جێبەجێکردن بە هەنگاوی دیاریکراو ئەنجام بدات، لە دوایدا بەپێی پلانی دانراو پلە پلە فراوانی بکات، هاوکات لە هەموو هەنگاوێک سود لە ئەنجامەکانی پراکتیزەکردن ببینێت.

١٠ –مەشقکردن – مەشقکردنی بەردەوام:

مەشقپێکردنی تاکەکانی ستافی جێبەجێکاری فێرکردنی ئەلیکترۆنی و ئەوانەی ستافی کارگێڕی و مامۆستایان و کەسانی دیکە دەگرێتەوە، لە پێش جێبەجێکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنی و کاتی جێبەجێکردنی، لەرێگای پرۆگرام ئامادەکردن و خولە ماوەکورتەکانی مەشقکردن و خولە درێژخایەن و دووبارەبووەکان، بۆ ئەوەی مەشقانە تەواو و کاریگەر بن، ئەو خولەکان بابەتی تیۆری و پراکتیکی و لەخۆدەگرن و لەلایەن پسپۆڕ و تایبەتنەدان بەرێوەدەبردرێت (الحيله . ٢٠٠٧ , ێ ٤٢٢ ) , ( عبدالحميد , ٢٠٠٥ , ێ ) .

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145

پرۆگرامەکانی فێرکاری لە سایەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

سەردەمی ئێستا لەڕێگای سودبینین لە تەکنەلۆژیای فێرکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی بالا لە پرۆسەی فێرکردن وەبەرهاتووە و بەخۆیەوەی بینیوە، بەڵام پرسی پێشکەوتن زیاتر وروژاندنە، بۆ بەکاربردنی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتە و پرۆگرامەکان و ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی ئەمرۆ زانست پێی گەیشتووە، هەروەها بەکارهێنانیان لە بونیادانانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی کارلێککردنی گونجاو، فێرخواز بە هۆیانەوە بتوانێت بگات بە زانیاری داواکراو بە کەمترین هەوڵ و کات و تێچوون. بەو پێیە تەکنەلۆژیای بەرهەمهاتوە لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن و بە شێوەیەکی بەرچاو کاریکردووەتە سەر سیستەمی فێرکردن لە خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکان، زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی هەڵساوان بە دانانی تەکنەلۆژیای فێرکاری، بۆ خزمەتی فێرکردن و مەشقکردن لە ماوەی نوێکردنەوەی پرۆگرامی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەڕێگای تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی، هاوکات تەکنەلۆژیای فێرکاری دەرفەتی بۆ ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەڕەخساندووە، سود لە پرۆگرامەکانی تەکنەلۆژیایی فێرکاری دەبین لە ماوەی تێکەڵبوونیان بە پرۆگرامەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان ( الكلوب , ٢٠٠٥ , ێ ٢١٩ ) .

ئەم پەرەسەندن و پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیای زانیاری لەکاتێکدا هاتە ئاراوە، پرۆگرامی کلاسیک نەیدەتوانی داواکارییەکانی بازاڕ لە بواری پسپۆڕی نوێ و تێکەلڕ دابین بکات، بەڵکو پێویستیان بە کادیری فێرکاری هەبووە، هاوکات ئاسان نەبوو بە پرۆگرامی کلاسیک کادیری فێرکاری پێویست پێبگەیەندرێت، ئەو پرسەی زۆر لە زانکۆ و پەیمانگا زانستییەکانی هاندا، تازەگەری لە پرۆگرامی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەڕێگای ئەنتەرنێت بکەن،ڕەخساندنی دەرفەت بوو بۆ ئەو کەسانەی ئارەزوو دەکەن خوێندن لەو کاتە تەواو بکەن گونجاوە بۆیان لە هەرشوێنێک بەستراوەتەوە بە تۆڕی جیهانی، پێویستە ئاماژە بەوڕاستییە بکەین، زۆربەی زانکۆکانی جیهان پەیڕەوی ستراتیجی فێرکردن لە دوورەوە دەکەن، بۆڕووبەڕوو بوونەوەی قەبارە و بڕی ئەو خەرجییە زیادەیەی فێرخواز لەکاتی خوێندن خەرجی دەکات.

فێرکردنی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی ئەو گۆڕانکارییەی زانکۆ و ناوەندەکان لەڕووی بونیاد و مەشقکردن کردیان، لە ماوەی ئەو چارەسەرانەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەگەلڕ خۆیدا هێنابووی، زانکۆ و ناوەندەکانی فێرکردن لەڕێگای فێرکردنی ئەلیکترۆنی هەوڵیاندا ئەو ئاستەنگانە تێپەڕێنن، کە سیتەمی فێرکردنی کلاسیکی بونیادنراو لەسەر تەلیقین و پێویستی ئامادەبوونی فێرخواز لە ژورەکان یان هۆڵەکانی فێکردن دروستی کردبوو، لەڕەوتی نوێکردنەوەی سیستەمی فێرکردن لە ژێرڕۆشنایی ئەو سیستەمە نوێیە چەندین گۆڕانکاری لە پرۆگرامی بونیادنراوی کلاسیکی ئەنجامدرا، بەهۆی جیاوازیان لەڕێگاکانی خستنەرووی وانەکان، لە سیستەمی نوێ پشت نەبەسترا بەڕێگا کلاسیکییەکان، لەکۆآ ئامانجە سەرەکییەکانی مەشقکردن لە تەلقیندانی فێرخوازان دەبینینەوە! بەڵکو تەنهاڕێگا و شێوازی تیۆری و پرکتیکی یارمەتی فێرخوازان دەدات، کۆنترۆڵی زانیارییەکان بە خێرایی پێویست بکەن .لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتن و داهێنانە نوێیە، بواری فێرکردن پەرەیسەند،ڕۆڵی سەرەکی مەعریفە تەسک بووەوە، بەو شێوەیە بووە هۆی ئازادبوونی فێرخواز، ناوەرۆکی فێرکردن لە دڵی پرۆسەی پەروەردە دانرایەوە، هاوکاترۆشنبیری فێرکردنی خودی پەرەپێدار، هەروەها نەخشەی فێرخواز لە پرۆسەی گەڕان بەدوای زانیاری فراوانکرا.

بەو شێوەیە تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردنبوو بە بنەمای پێکهێنانی پرۆگرامی فێرکاری، جێبەجێکردن کرا بە ئەرک، لەڕێگای جێبەجێکردنی بیرۆکەی تەکنەلۆژیا لە پێناوی فێرکردن و تەکنەلۆژیا – لە پێناوی خودی جێبەجێکردن، سیستەمی نوێ بە شێوەیەک دەیڕوانییە فێرخواز توانای پەیوەندیکردن و توانستی پێویستی بۆ چارەسەری کێشەکان و داهێنان و چاکترکردنی ئاستی ئەنجامدان هەیە، هاوکات توانای هەیە بە سەربەخۆیی و گونجاویڕەفتار بکات (الحلفاوی , ٢٠٠٩ , ێ ) .

وانەوتنەوە و پرۆگرامی بونیادنراو، ئاراستەکردنیڕووە و دۆزینەوەی چارەسەری نوێی سەپاند، دۆزینەوەی چارەسەری نوێ زۆر ورد بوو، بۆ بەردەوامبوونی پەرەسەندن و بەرجەستەکردنی ئەنجامی باشتر لە بواری فێرکردن و مەشقکردندا، بەڵام دیارترین چارەسەرەکان، سسیستەمی کارگێڕی فێرکردن بوو.

ڕۆڵی سیستەمی کارگێڕی فێرکردن لە پاڵپشتیکردنی فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا:

سیستەمی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بە تێگەیشتنی ئێستا، بە بنەمای پرۆسەی فێرکردنی نوێ دادەنرێت، لەبەر ئەوەی سیستەمی جۆراوجۆر بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجە پراکتیزە دەکات، پێی دەگوترێت سیستەمی کارگێڕی فێرکردن، کە زۆربەی زانکۆکان وەکو یەکێک لە گرنگترین چارەسەرەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بنەمایی بەکاریدەهێنن.

١- سیستەمی کارگێڕی فێرکردن چییە؟: سیستەمی کارگێڕی فێرکردن بریتییە لە پرۆگرامەکانی هەڵسوڕاندنی کارگێڕی چالاکییەکانی فێرکردن و فێربوون، لەڕووی

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145


پرۆگرامەکان و کارلێککردن و مەشقکردن و ...[1]، یان بریتییە لە پرۆگرامی جێبەجێکردن بۆ کاری کارگێڕی، هەروەها پەسندکردن و جێبەجێکردنی پرۆگرام و بابەتە دانراوەکانی ناو پۆل یان لەسەر هێڵێکیڕاستەوخۆ بەرێوەدە دەچێت.

سیستەمی کارگێڕی فێرکردن ئامانجی بەرێوەبردنی پرۆگرامەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی و دیاریکردنی ئاراستەی هەریەک لە فێرخواز و مامۆستا و دەزگا یان ناوەندی فێرکردنەکە، بەو شێوەیە سیستەمی کارگێڕی کار دەکات بە ئاراستەی پەرەپێدانی کار و خولەکانی فێرخوازان داوای دەکەن، بە ئاراستەی گواستنەوەی ئەزموون بۆ فێرخوازان کار دەکات، هەروەها تێگەیشتنی سیستەمی کارگێڕی فێرکردن لەگەلڕ چەمکی سیستەمی کارگێڕی ناوەرۆکی فێرکاری ئاوێزانی یەکدی دەبن، بەڵام دەتوانین جیاوازی لە نێوان ئەو دوو سیستەمە بکەین، لەسەر ئەو بنەمایەی یەکەم: واتای بەرێوەبردنی فێرخوازان و مامۆستایان وڕێگای کالێککردنی نێوانیان لە سنوری فێرکردنی ئەلیکترۆنی، دووەمیان: گرنگی دەدات بە کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ناوەرۆکی ئەو پرۆگرامانەی پێویستە پاداشت و کاتی گونجاو بۆڕاهێنەران دەستەبەر بکات، لەسەر ئەو بنەمایە چالاکییەکان هاوشانی ناوەرۆکی پرۆگرامەکانن.

بەوپێیە هەردوو سیستەم لە تەک یەکدی بە شێوەی تەواو کاردەکەن، لە کاتی پراکتیزەکردن و پلاندانان ناکرێت لە یەکدی جیابکرێنەوە، بەڵام بونیادی سیستەمی کارگێڕی فێرکردن بەڕێگای دابەشکاری کار دەکات، واتا جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان لەسەر ئەستۆی کەسی دابڕو نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی تۆڕێک جێبەجێ دەکرێت، ئەو پرۆگرامە بە نموونەی باو کار دەکات: وەکو (خزمەتکار و میوان)، پاداشت بۆ خزمەتکار دیاری دەکات و سەرپەرشتی دەکرێت، لەلایەن سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕ، پسپۆڕیەکەی لە تۆڕەکانی پەیوەندیکردن وڕاگەیاندن بە ئامێرە، هەندێکجار وا پێویست دەکات مامۆستایان و فێرخوازان لە لایەن میوان بەکار بهێنرێت، وەکو لە پرۆگرامەکانی کردنەوەی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی و هەندێک پرۆگرامی دیکە کە یارمەتی ئامادەکردنی ناوەرۆکی ژمارەکان دەدات، ئەمانەی خوارەوە پەیوەندیان بە لایەنی خزمەتکار هەیە، بێگومان پێویستە ئەو پرۆگرامانە لەبەردەستدابێت:

- چەند سیستەمێکی کارپێکردن.
- جێبەجێکردنەکانی خزمەتکارەکان.
- سیستەمی بەڕێکردنی بنەمای پێدراوەکان یانڕاگەیاندراوەکان.
- خزمەتگوزاری دیکە.

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145




**شێوەی یەکەم: بونیادی پێگەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی**

(هێلکاری شێوەی یەکەم: بونیادی (منیات - پێگەکانی) فێرکردنی ئەلیکترۆنیرووون دەکاتەوە ( اگمیزی , ٢٠٠٩ , ێ)

٢- جۆرەکانی سیستەمی کارگێڕی فێرکردن: سیستەمی کارگێڕی فێرکردن بەسەر چەند جۆرێکی جیاواز دابەشدەبێت، ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

- سیستەمی کارگێڕی بڕیار لەسەر دراوەکان.
- سیستەمی کارگێڕی ناوەرۆکی فێرکردن.
- بنکەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

سیستەمی کارگێڕی بڕیار لەسەر دراوە ئەلیکترۆنییەکان:

بڕیار لەسەر دراوەکان یان پرۆگرامی ئەلیکترۆنی، بریتییە لە کۆمەڵێک ناوەرۆک و چالاکی فێرکاری ئەلیکترۆنی، هەموو ئەو پرۆگرامانە دەگرێتەوە کە زانکۆ پشتیان پێدەبەستێت یان هەندێک لەو پرۆگرامانەی فێرخواز بەرێگایڕاستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ وەریاندەگرێت. پرۆگرامە ئەلیکترۆنییەکان سآ جۆرن، لە بنەماوە سەر بە جۆرەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنین:

- پرۆگرامی ئەلیکترۆنی پشتیوانی.

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145

- پرۆگرامی ئەلیکترۆنی تێکەڵ.

- پرۆگرامی ئەلیکترۆنیڕاستەوخۆ.

٣- سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەرۆکی فێرکردن:

پرۆگرامێکە توانای بونیادنان و هەمووارکردنەوەی ناوەرۆکی فێرکردنی بۆ مامۆستایان و داڕێژەرانی وانەوتنەوە و پسپۆڕانی پرۆگرامی خوێندن دەستەبەر دەکات، لەڕێگای دانانی کۆگایەک کە ناوەرۆکی پێکهاتەی فێرکاری بۆ هەموو ئەو ناوەرۆکانەی لە بەردەستدایە لەخۆدەگرێت، بۆ ئەوەی بە ئاسنی کاریانپێبکرێت و کۆبکرێنەوە و دابەشبکرێنەوە، هەروەها بەگونجاوی لەگەڵڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکاری لە لایەن مامۆستا و فێرخواز و داڕێژەرانی پرۆگرام و پسپۆڕانی دانی پرۆگرامەکان بەکاربهێنرێنەوە، هەروەها زۆرجار لەگەڵ ناوەرۆکی کارلێککردن بڕگەیەکی چێژبینین بۆ فێرکردن زیاد دەکرێت، ئەمە وادەکات فێرخواز بەردەوام بێت و پێوانە ئەو کارامەیانە بکات کە بەدەستیان دەهێنێت، دەتوانرێت کارلێککردنی فێرخوازان بەش بەش بکرێت، بۆ ئەوەی داڕێژەری پرۆگرامەکان بتوانێت بە شێوەیەک هەمواری پرۆگرامەکان بکات گونجاوبێت لەگەڵ ئەنجامدانی فێرخوازان، هەروەها هەندێک لە سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەرۆکی فێرکردن دەرفەت بە فێرخوازادەدات ناوەرۆکی پرۆگرامەکان زیاتر بکەن و مەعریفە لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکەن.

٤- (پێگەکانی- منیات) فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

لە سەردەمی ئێستادا ژمارەیەکی زۆری سیستەمی بەڕێوەبردانی فێرکردن هەیە، بە شێوەیەک زیاتر لە (٧٠) کۆمپانیا سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی فێرکردن بەرهەمدەهێنن، هەندێک لەو کۆمپانیایانە زیاتر لە (حزمە -دەرزەنێک) بەرهەمدەهێنن، لە ناو ئەو دەرزەنانەدا پرۆگرامی بازرگانی خاوەنداری تایبەت یان پرۆگرامی سەرچاوە کراوە هەیە، پێویستە ئاماژە بەو هەقیقەتە بکەین پرۆگرامی سەرچاوە کراوە، پرۆگرامێکەڕێگا بە بەکارهێنەران دەدات بەکاریبهێنن و دابەشی بکەن، هەروەهاڕێگا دەدات لە پرۆگرامە سەرەکییەکانی تێبگەن و هەمواری بکەنەوە و دابەشی بکەنەوە، لە هەمانکاتدا پرۆگرامە بازرگانییەکان یان خاوەندارەکان، ئەو پرۆگرامانەن مەرج بۆ بەکارهێنیان دادەنێن،ڕێگا بە دابەشکردن یان بە هەمووارکردنەوەی پرۆگرامەکانی نادرێت، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە پرۆگرمە سەرچاوەکراوەکان چاکترین چارەسەرن بۆ بەکارهێنان لە (منیات - پێگەکانی) فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

٥- ئەرکەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی فێرکردن:

سیستەمی بەڕێوەبردنی فێرکردن کاردەکات لەسەر جێبەجێکردنی کۆمەڵێکرۆڵ و ئەرک، دەتوانین بەم شێوەیەڕیزبەندیان بکەین:

- بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکان و بەشەکان و بەرنامەکان.

- بەڕێوەبردنی تۆمارکردن و بەدواداچوونی هاتنی فێرخوازان و چالاکییەکانیان و ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان وڕاهێنانەکانیان.

- ئامادەکردنیڕاپۆرتی جۆراجۆر بۆ کارگێڕی فێرکردن، دوای چاودێریکردنی ئەنجامدانی فێرخوازان.

- ئامادەکردنی پێداویستییەکانی نووسینی ناوەرۆکی فێرکردن.

- ئامادەکردنی خشتەی پرۆگرامەکان و دانانی پلانی فێرکردن و مەشقکردن.

- ئامادەکردنی ناوەرۆک بۆ فێرخوازان.


- نەخشەکێشانی کەلوپەلی زیاد و بەڕێوەبردنی چالاکییەکان و سەرچاوەکان.

- تاقیکردنەوەی فێرخوازان و کارکردن بە هەڵسەنگاندن

- پێشکەشکردنی کەلوپەلی پەیوەندیکردن و بەیەکەوەبەستنەوەی فێرخوازان لەڕێگایڕێنمایی پانێلەکانی دیالۆگ و پۆستە و بەشداریپێکردنیان لە شاشەکان (عبدالحميد , ٢٠٠٨ , ێ ٢٠٣ ) .

مەبەستی ئەم سیستەمە بە گشتی کۆکردنەوە و نەخشەکێشانی ناوەرۆکی فێرکاری بەڕێوەبردنە بەڕێگایەکیڕاست و دروست، لەگەڵ بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی فێرکردن و بونیادنانی، هەروەها ئاراستەکردنی خزمەتی جۆراوجۆر. شێوەی هێلکاری دووەم ئەرکە جیاوازەکانی سیستەمی بەڕێوەبردانی فێرکردن بە شێوەیەکی کورت و پوخت دەخاتەڕوو (عزیز , ٢٠٠٣ , ێ ٢٤٥ ) .

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145




**هێلکاری شێوە (دووەم): ئەرکەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی فێرکردن**

## کۆتایی:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین بڵێین، فێرکردنی ئەلیکترۆنی بووە بە واقیع، هەروەها بووە بە پێویستییەکی گرنگ، واقیعی بوون و دەرکەوتنی وەکو پێویستییەکی گرنگ، وایکردووە زانکۆکان و ناوەندەکانی فێرکردن و مەشقکردن، تێکەڵبوون بە ئەلیکترۆن چاکتر بەروەبێشەوە بەرن لەڕێگای هاندانی ئەوانەی دەتوانن بەکاریبهێنن و دیزاینی پرۆگرامی ئەلیکترۆنی بکەن، هەروەها لەڕێگای بەکارهێنانی سیستەمەی ئەلیکترۆنی کە پێی دەگوترێت: سیستەمی بەڕێوەبردنی فێرکردن و پرۆگرامەکان هەڵسەنگێنن، کە پشتدەبەستێت بە بەرنامەکانی تەواوکردن و بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی فێرکردن و فێربوونی لەڕووی پرۆگرامەکان، بڕیار لەسەر دراوەکان، کارلێککردن، مەشقەکان، هەڵسەنگاندن، هەروەها گرنگترین چارەسەری فێرکردن پێشکەش دەکات، بە تایبەتی لە سایەی جیهانی نوێ، چەندینڕووبەڕوو بوونەوەی تایبەت بە کاروانی بەردەوامبوونی پێشکەوتنی کێبڕکێ بەدەستهاتوو لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و تەکنیکی دەخاتەڕوو.

هەروەها چەندین کۆمپانیا هەیە، خزمەتگوزاری پرۆگرامسازی وڕێنمایی سیستەمی بەڕێوەبردنی فێرکردن و سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەڕۆکی فێرکاری پێشکەش دەکەن، ئەو کۆمپانیایانە سیستەمی ئامادەیان لەلادەستدەکەوێت، زۆربەی جار سیستەمەکان باشن بۆ جێبەجێکردنیڕاستەوخۆ، ئەوەی پێویستە لەسەر هەموو ناوەندەکانی فێرکردن پلانێکی بەڕێوەبردنی فێرکردن گونجاو بە شێوەی ئەلیکترۆنی و سرشتی خۆیان هەڵبژێرن، لەبەر ئەوەی پێداویستییەکانی هەر ناوەندێکی فێرکاری جیاوازە لە ناوەندە فێرکارییەکانی دیکە، لەسەرڕۆشنایی ئەو جیاوازییە، سیستەمەکانی وەکو شێوازێک بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی پشتپێدەبەستن جیاواز دەبن.

راسپاردەکان:

١- پێویستە سیستەمی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە هەموو زانکۆکان و پەیمانگاکان و خوێندنگا و ناوەندەکانی مەشقکردن جێبەجێ بکرێت.

٢- بڵاوکردنەوەیرۆشنبیری سیستەمی بەڕێوەبردنی فێرکردن لە ناوەندە حکومییەکان.

٣- پێویستە بزانرێت تاکو چی ئاستێک فێرکردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری کردووەتە سەر کۆی سیستەمی فێرکردن.

٤- فێرکردنی ئەلیکترۆنی یارمەتیپرەخساندنی ژینگەی فێرکاری کارلێککردن فرە سەرچاوە دەدات، بەڕێگای کاتی دیاریکراو یان کاتی دیاری نەکراو، بەبآ پابەندبوون بە شوێنی دیاریکراو، لەڕێگای پشتبەستن بە فێربوونی خودی.

٥- کۆتاڕاسپاردەی توێژینەوەکە دانانی ئەو سیستەمەیە لە هەموو ناوەندە مەعریفییەکان، تاکو دەرفەت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی لۆکالی برەخسێنن، سود لە تەکنەلۆژیاکانی ناوەندەکە وەربگرن .

**سەرچاوەکان:**

1- أثرتون، بولن (2009).مراكز المعلومات: تطبقها وأدارتها، ترجمة حشمت قاسم، القاهرة: مكتبة غريب.

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145

2- أطميزي، جميل أحمد, (يونيو 2009), إطار عمل مرن لتقييم محتويات وأنشطة المقررات الالكترونية المساندة والممجة في الجامعات العربية - Cybrarians Journal. – ع 19، متاح علي الخط المباش: http:llwww.gaurnal. Cybrarian. info*I* indey. php
3- جاسم محمد جرجيس, (مارس 2007), أضواء على برامج تدريس علوم المكتبات والمعلومات في الوطن العربي مع إشارة خاصة الى دولة الامارات العربية المتحدة – Cybrarians Journal. ع 12.
4- الحلفاوي، وليد سالم (2009)، مستحدثات تكنولوجيا التعليم في عصر المعلوماتية، عمان: دار الفكر للطباعة والنشر.
5- الحيلة , محمد محمود ( 2007 ) , تكنولوجيا التعليم , الطبعة الخامسة , دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة , عمان – الاردن .
6- ربيع، فلاح أحمد عبدالوهاب(2006): مدى فاعلية مراكز مصادر التعلم واهلية القائمين في توظيف الانترنت في التعليم بمدارس مملكة بحرين.رسالة ماجستير في التربية غير منشورة، جامعة القديس يوسف.كلية الآداب والعلوم الانسانية، بيروت، ص 78 – 188.
7- الزهير، أحمد ماجد (2013)، استراتيجية تطبيق برامج التعليم الالكتروني في الجامعات السورية. دمشق: دار الكتب والاعلام، ص 39.
8- الشحات ,عثمان (2011), التعلم الالكتروني، الرياض جامعة الملك سعود. مجلة المكتبات والمعلومات، مج 3. ع 10
9- عبدالمجيد، حذيفه مازن (2008), تطوير وتقيم نظام التعليم الالكتروني التفاعلي للمواد الدراسية الهندسية والحاصوب مقدمة الي الاكاديمية العربية في الدانمارك. ماجستير، نظم المعلومات الادارة.
10- عبد الحميد ، محمد عبد الحميد(2005), أدوات التعليم الالكتروني عبر الشبكات. منظومة التعليم عبر الشبكات. القاهرة: عالم الكتب، ص 39.
11- عزيز، فادي كمال,(2003), الانترنت وعولمة التعليم وتطويره، مجلة التربية (144)، 245.
12- الكلوب , بشير عبدالرحيم,(2005)، التكنلوجيا في عملية التعلم و التعليم، دار الشروق للنشر والتوزيع.
13- الطيطي، خضر مصباح, (2008), التعلم الالكتروني: من منظور فني وإداري تعليمي: عمان: دار حامد.

doi: 10.25007/ajnu.v6n4a145